مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکاری دەروونی دەقی ئەدەبی[1]

Psychological Analysis of Literary Texts

**پرۆفسیۆری یاریدەدەر دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**

کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر

**مامۆستای یاریدەدەر سازان جوهر حمە غریب**

کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر

## معلومات البحث

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٩/٢/٢١

القبول: ٢٠١٩/٤/١٣

النشر: ربيع ٢٠١٩

Doi: 10.25212/lfu.qzj.4.2.2

## پـوختـه

توێژینەوە لە دەروونشیکارییی ئەدەبی و میکنیزمەکانی ڕێبازی ڕەخنەی دەروونی بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە بنەما بنچینەییەکانی دروست بوونی قوتابخانەی دەروونشیکاریی لەناو زانستی دەروونناسیی دا، چونکە ئەم قوتابخانەیە بۆ داڕشتنی بنەما و بیروڕا بنەڕەتیەکانی پشتی بە

[1] (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەیەکی دکتۆرا بەناونیشانی "ئەفسانەی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی زانستی دەروونناسییدا").

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیکردنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان بەست و گرنگترین چەمک و زاراوە دەروونییەکانی لێ دامەزراند.

لەم باسەی لەبەردەستت دایە هەوڵدراوە لەسەرەتادا خوێندنەوەیەکی ورد بۆ چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەروونشیکاریی ئەدەبی و دروستبوونی ڕێبازی ڕەخنەی دەروونی لە ئەدەبدا بکرێت، هەروەها بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پرەنسیپەکانی ئەو ڕەخنەیەی پشت بە شیکردنەوەی دەروونی دەبەستێ لە ئەدەبدا ئەو مەسەلە گرنگانە خراوەتەڕوو، کە ڕێبازی ڕەخنەی دەروونی لەناو ئەدەبدا باس و خواسیان لەسەر دەکات، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندیان بە چۆنیەتی داهێنان و کاریگەری لایەنی دەروونی و ژینگەیی داهێنەرەوە هەیە، لە داهێنانی دەقی ئەدەبی و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەق و خوێنەر و کۆمەڵێک مەسەلەی تری پەیوەست بە دەق خراوەتەڕوو.

**کلیلی وشەکان:** دەروونناسی، دەروونشیکاریی، ڕەخنەی ئەدەبی، نووسەر، دەق..

**الكلمات المفتاحية:**

Psychoanalysis,

Literature, criticism, understanding,

Psychology, principles, analysis, Text.

environment

relate

.

## پێشەکی

ئەم بابەتە بە ناونیشانی "دەروونشیکاریی ئەدەبی"ـە، لێکۆڵینەوەیەکە بۆ زیاتر باسکردن و خستنەڕووی پەیوەندی زانستی لە نێوان دەروونناسیی و ئەدەبدا، چونکە ڕەهەندی دەروونی بەردەوام لە نێو ئەدەبیاتدا هەیە و هەموو پێگەکانی دەروونناسیی لە شەرم و ترس و جنس و هەستی خۆ بەکەم

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانین و نامۆیی و ڕەشبینی و ... هتد لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکان بەدی دەکرێن و کەم تا زۆر تیایاندا ڕەنگ دەداتەوە.

گرنگی بابەتی دەروونشیکاریی ئەدەبی لەوەدایە، کە بووە هۆی گرێدانی زانستە پراکتیکەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان لە یەک کاتدا، چونکە قوتابخانەی دەروونشیکاریی لە نۆرینگەی دکتۆرەکان دەستی پێکرد و تاقیگەکەی بۆ ناو ئەدەب گواستەوە.

لەم توێژینەوەیەدا بایەخ بە چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی پەیوەندی زانستی نێوان ئەدەب و زانستی دەروونناسیی دراوە و ئاماژە بە فرۆید و هاوەڵەکانیشی کراوە، کە بناغەی دەروونشیکاریی ئەدەبی و ڕەخنەی دەروونییان دامەزراند. ئەمە جگە لەوەی پەیوەندی نێوان دەق و داهێنەر و دەق و خوێنەر لە ڕوانگەی قوتابخانە و ڕەخنەی دەروونشیکاریی بە وردی ڕوونکراوەتەوە و لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە لەم سێ تەوەرەدا بەدی هاتووە خراوەتە ڕوو.

## دەروونشیکاریی ئەدەبی و ڕێبازی ڕەخنەی ئەدەبی

ناتوانین باسی پەیوەندی زانستی دەروون و ئەدەب بکەین بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی فرۆید نەکەین، چونکە فرۆید وەکو دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاریی لەناو زانستی دەروونناسییدا ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەدەب و دەروون لەسەر بنەمایەکی زانستی دارێژراو، هەروەها ((فرۆید بە یەکەم کەس دادەنرێ ئەدەب و هونەری خستە ژێر ڕکێفی لێکدانەوەی دەروونییەوە، لەبەرئەوەی فرۆید زۆر حەزی لە خوێندنەوەی دانراوە ئەدەبییەکان دەکرد و شەیدای هۆنیاران و ئەدیبان بوو)) (احمد، 1983، لا17). ئەوەی فرۆیدی پێ جیادەکراوە سەرباری پسپۆڕییەکەی، کە پزیشک بوو لە هەمان کاتدا ((بە کەش و هەوای سەردەمەکەی خۆی نامۆ نەبووە و ئاگاداری ئەدەبیاتی کلاسیکیش بووە بە تایبەتی ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن)) (رزق الله، 2001، لا151).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم حەز و خولیا و گرنگی پێدانەی فرۆید بۆ ئەدەبیات وایکرد، ئەم زانا دەروونناسە بۆ سەلماندنی بەشێکی زۆر لە بۆچوونەکانی سوود لە هەندێ ئەفسانە و بەرهەمی ئەدەبی بەناوبانگ لەنێو ئەدەبی جیهانیدا وەربگرێت، تا بۆ بەهێزکردنی بۆچوون و بنەما و زاراوە دەروونییەکانی وەکو نموونە پشتی پێ ببەستێ. هەروەها فرۆید گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی، کە ((داهێنانی ئەدەبی حاڵەتێکی تایبەتە و شایانی شیکردنەوەیە، چونکە هەموو کارێکی هونەری لە هۆکاری دەروونییەوە بەرهەم دێت)) (قطوس،2011، لا61). فرۆید بەشێوەیەک لە بەرهەمی ئەدەبی دەڕوانی، کە ((کاری ئەدەبی خاوەن پێگەیەکی شوێنەوارییە، بۆیە دەلالەتێکی فراوان لەخۆی هەڵدەگرێت و پێویستی بە دۆزینەوەی ناڕوونی و نهێنییەکانی هەیە)) (الرويلي، 2007، ص333)، هەروەها ((کاری ئەدەبی لە چەند چینێك لە مانا و دەلالەتی کەڵەکەبوو پێك دێت، کە دەبێ ئەو چینانە هەڵبکۆڵدرێن تا نهێنی و لایەنە تاریک و تەماوییەکانی ئاشکرا بکرێن)) (خليل، 2008، لا102).

کەواتە ((لە باوەشی ئەدەبدا قوتابخانەی دەروونشیکاریی سەریهەڵدا و گەشەی کرد و لە ئەدەبیشەوە فرۆید گرنگترین پاڵپشتیەکانی بۆ گریمانەکانی هەڵهێنجا، بەجۆرێك چەمکەکانی وەکو نەرجیسی و خۆشویستنی خود و چێژوەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی تر (سادیەکان) و ئازاردانی خود (ماسۆشیەتەکان) و گرێی ئۆدیب هەر لەوێ وەرگرت)) (احمد، 1983، لا17). هەروەها گرێی ئەلکترا و زاراوەی دەروونی (دون جوان)یشی لە ئەفسانەی یۆنانی وەرگرت. جگە لە ئەفسانەکان، کە بوونە بناغە بۆ چەمك و بنەما دەروونییە گرنگەکانی فرۆید، کە میتۆدی قوتابخانەی دەروونشیکاریی پێ دامەزراند دەبینین بۆ باسی لایەنەکانی نەستی تاکەکەسی و شەرم و ترس و وزەی لیبیدۆ و سێگۆشەی (ئەو I D و من Ego و منی باڵا Super Ego)ش سوودی لە ڕۆمانەکانی دۆستۆفسکی بینیوە (عەبدوڵڵا، 2011، لا45-50). چیرۆکی گرادیڤای (فرويد، 1978، ص9) یانسنی ئەڵمانیشی وەکو بەڵگە بۆ تیۆری لێکدانەوەی خەونامەکەی و پەیوەندی بە ئەدەبەوە باس کردوە، شانۆنامەی (هاملێت)ی شکسپیریش دەکاتە بەڵگەیەکی تری ڕەنگدانەوەی کێشە و نەخۆشی دەروونی لەناو دەقی ئەدەبیدا.

ئەوەی شایانی باسە فرۆید هەر ئەفسانە و شانۆنامە و چیرۆك و ڕۆمانی نەکردە تاقیگە بۆ سەلماندنی بیروڕاکانی بەڵکو فرۆید ئیلهامی لە تابلۆ هونەرییەکانی لیۆناردۆ داڤینشی بینی بە تایبەت

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تابلۆی مۆنالیزا و وەکو نموونەیەک بۆ حاڵەتی دەروونی چەپاندن (الكبت) باس کرد (گەرمیانی، 2003، لا35).

ئەم هەنگاوانەی فرۆید و لێک گرێدان و ناونانی چەمک و بنەما دەروونییەکان بە پشت بەستن بە دەقی ئەدەبی بوو بە یەکەم هەنگاوی زانستی دەروونشیکاریی ئەدەبی، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی بڵاوکراوەکانی فرۆیدەوە بەدیارکەوت، چونکە وەکو وتمان فرۆید پشتی بە توێژینەوەی دیاردەی داهێنان لە ئەدەب و هونەر بەست و وەکو دەرکەوتەی لایەنی دەروونی مرۆڤ هەژماری کرد.

لەمانەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر سەرەتاکان و چۆنیەتی گەشەسەندنی دەروونشیکاریی ئەدەبی و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕەخنەی دەروونی بکەین دەبینین سەرەتاکانی دەروونشیکاریی ئەدەبی هەر پەیوەستە بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕێبازی دەروونشیکاریی خۆی، بە تایبەت کاتێك فرۆید هەندێك شوێنکەوتووی لە دەور کۆبووەوە لە ساڵی ١٩٠٢ و بەیەکەوە کۆنفرانسی یەکەمی دەروونشیکارییان لە ساڵی ١٩٠٨ ئەنجامدا و لە ساڵی ١٩١٠شدا کۆمەڵەی نێودەوڵەتی دەروونشیکارییان دامەزراند، کە وەکو ڕێکخستنێکی مەرکەزی بۆ دەروونشیکارەکان لەسەر ئاستی جیهان کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا (فضل الله، 2011، ص92).

یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە (رانک) بوو، تایبەتمەند کرابوو بە پراکتیک کردنی بنەماکانی میتۆدی دەروونشیکاریی لەسەر بواری ئەدەب و هونەر و بەو بۆنەوە لە ساڵی ١٩٠٨ کتێبێکی چاپ کرد لەبارەی مەسەلەی داهێنانی هونەرییەوە

(http://webspace.ship.edu/cyboer/rank.html).

(نۆرترۆپ فرای)یش، کە ئەندامێکی تر بوو لە کۆمەڵەکە ((توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی (هونەرمەند و شیکردنەوەی دەروونی) نووسی و (ماری پۆناپرت)یش لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستاکەی فرۆید لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی دەروونشیکاریی ئەدەبی ئامادەکرد، کە تێیدا شیکردنەوەی بۆ یەکێك لە کەسایەتیە ئەدەبییەکان ئەنجام دا)) (فضل الله، 2011، ص93). ئەمە جگە لە یۆنگ و ئەدلەر و ابراهام و فرنزیش، کە لەم قۆناغەدا زیاتر بایەخیان بە نەست دەدا و بەدوای کاریگەرییەکانی دەگەڕان لە کەسایەتیدا (http://www.maaber.org/issue_august06/depth_psychology1.htm).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم کارانەی ستافەکەی فرۆید لەڕووی دەروونشیکاریی ئەدەبییەوە پێشکەشیان کرد، دوای ئەوە دەهات، کە فرۆید خۆی چەندین لێکۆڵینەوەی دەروونشیکاریی بۆ کەسایەتی داهێنەر و پرۆسەی داهێنان لە ئەدەب و هونەردا بڵاوکردبووەوە وەکو:

1. وڕێنە و خەون (Delusion and Dream)، توێژینەوەیەکە فرۆید لە ساڵی ١٩٠٧ دا لەسەر نۆڤڵی (گرادیڤا) کردووە، کە لە لایەن Wilhelm Jensen نوسراوە و لە ساڵی ١٩٠٣ دا بڵاوکراوەتەوە. (Freud, 1922).
2. داهێنانی ئەدەبی و زیندە خەون (الابداع الأدبي و حلم اليقظة) لێکۆڵینەوەیەکە لە ساڵی ١٩٠٨ بڵاویکردەوە. (نويل، 1997، ص19).
3. لیوناردۆ دافنشی و بیرەوەرییەکانی منداڵییەتی ( Leonardo Da Vinci and a Memory of His Childhood)، ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە ساڵی ١٩١٠ نووسیبوو وەکو لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی و سێکسی، بۆ بیرەوەرییەکانی منداڵی لیوناردۆ دافنشی. (Freud, 1957).
4. دۆستۆیفسکی و کوشتنی باوک (Dostoevsky and Parricide) توێژینەوەیەکی ترە لە ساڵی ١٩٢٨ بڵاویکردەوە. (Freud, 1945).

جگە لەم بابەتانە فرۆید و هاوەڵەکانی چەندین لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوە و وتاریان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکردەوە، کە هەموویان هاندەربوون تا پشت بە میتۆدی شیکردنەوەی دەروونی ببەسترێ بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن و بە ئەنجامی گەیاندنی پرۆسەی ڕەخنەگرتن لە ئەدەبدا، هەر ئەمەش وایکرد، کە بنەماکانی شیکردنەوەی دەروونی لەلایەن ئەدیب و ڕۆماننووسان قبوڵ بکرێ، وەک ئەو پەسندکردنەی لەلایەن زانایانی دەروونی و پزیشکانەوە بەدەستی هێنا (فلوجل، 1979، ص199)، تەنانەت گرنگی دەروونشیکاریی ئەدەبی وا پەرەی سەند ((کە تیۆرەکانی دەروونشیکاریی لە هەموو دەقێکی داهێنەرانە ڕەنگی دەدایەوە، تا وای لێهات کۆمەڵێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی دەرکەوتن ڕەخنەی دەروونیان لەسەر ئەدەب پەیڕەو دەکرد و شایستە و شیاوبوون بۆ دەروونشیکاریی ئەدەبی)) (فضل الله، 2011، ص93).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی سەرنجی ڕەخنەگرانی لە میتۆدی دەروونشیکاریی ڕاکێشا ئەوەبوو فرۆید لە چوارچێوەی تیۆرەکەی هەوڵی دەدا لێکدانەوەی دەروونی بۆ پرۆسەی داهێنان ئەنجام بدات، لەبەرئەوەی ڕەخنەش خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی وەسفیە و دوای پرۆسەی داهێنان دێت و ئامانجی خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبییە و دەیەوێ بزانێت ((ئەدەب چۆنە؟ چۆن دادەهێنرێ؟ بەها و ئەرکەکانی چین؟)) (حسين و عبدالغفور، 2008، لا7)، بۆیە کاتێك زانستەکانی کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی و زمانەوانیی ... باسیان لە داهێنان کرد، ئەمە وایکرد سەرنجی ڕەخنەگران ڕابکێشێ و لە لێکۆڵینەوەیان بۆ پرۆسەی داهێنان سوود لەم زانستانە وەرگرن، چونکە لەناو ڕەخنەدا ڕوانگە و ئەگەری جۆراوجۆری بۆ مەسەلەی داهێنان هێنایە کایەوە (/http://www.alukah.net/literature_language/0/80286).

کەواتە لێکۆڵینەوەی فرۆید و هاوەڵەکانی بۆ ئەدەب و داهێنان و داهێنەر و هونەرمەند... زەمینە خۆشکەربوو تا ڕەخنەگران ڕێبازی ڕەخنەی دەروونی لە شیکردنەوەی دەق بەکاربهێنن، کە جەخت لەسەر کاریگەری لایەنی دەروونی بکات لە خوڵقاندنی دەقی ئەدەبیدا. ئەوەبوو چەند ڕەخنەگرێك پەیدابوون بە پاڵپشت کردنی تەکنیکەکانی ڕێبازی شیتەڵکاری فرۆید دەستیان بە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی کرد، بۆ نموونە (W I bur S.S c o t t ) کتێبی ڕاڤەی خەونەکانی فرۆیدی وەرگێڕا و بە سوود وەرگرتن لە بنەماکانی ئەم کتێبە سێ توێژینەوەی پێشکەش کرد بۆ گفتوگۆ (لەسەر ڕێبازی دەروونی لە ڕەخنەدا) وەکو ناونانێك بۆ ئەو ڕەخنەیەی پشت بە شیکاریی دەروونی دەبەستێ (زكي، 1997، ص200). هەروەها چەندان ڕەخنەگری تری وەک (ارنست جۆنز و ماکس و فلوید دێل و مود بودکین و هوفمان وشارل بوداون ...) (زكي،1997، ص200 -201) کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی ناوازەیان پێشکەش کرد، کە هەوڵیان دەدا بیروڕای ڕابەرانی دەروونشیکاریی لەسەر ڕێبازی ئەدەبی و شانۆگەری و شیعر و هونەردا پراکتیک بکەن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە گرنگترین ئەو ڕەخنەگرەی، کە بە تەواوی کاری لەسەر هێنانەکایەی ڕێبازی ڕەخنەی دەروونی لەناو ئەدەبدا کرد، ڕەخنەگری فەرەنسی شارڵ مۆرن بوو، کە لە ساڵی ١٩٣٨ەوە میتۆدی سایکۆلۆژی بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی تێکستی ئەدەبی بەکارهێنا (خليل، 2008، لا106)، بە تایبەتی بۆ شیعرە تەم و مژاویەکانی مالارمێ، کە لەسەردەمی مالارمێ لەو باوەڕە بوون ئەو شیعرانە تەئویل ناکرێن، مۆرۆن دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی ڕەمزەکان بەو ڕێگەیەی، کە فرۆید لە شیکردنەوەی خەونەکاندا پەنای بۆ بردبوو، ئەم توێژینەوەشی بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٨ زاراوەی (ڕەخنەی سایکۆلۆژی – Psycho-Critism) داهێنا (احمد، 1983، ص35) و ئەم میتۆدەی بەسەر بەرهەمی ژمارەیەک ئەدیبی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوداری فەڕەنسی وەکو بۆدلێر و ڤالێری ڕاسین و ڤکتۆر هۆگۆ ... دا پراکتیک کرد (ئەسوەد، 2008، لا78). شارڵ مۆرن تەکنیکی شیکردنەوەی دەروونی فرۆیدی لەگەڵ بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی بە یەکەوە گرێدا و دەستی بە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی کرد و (زاراوەی (ڕەخنەی دەروونی)یشی لە جێگەی دەروونشیکاریی دەقی ئەدەبی بەکارهێنا) (فضل الله، 2011، ص120). مۆرن گۆڕانکاری لە دەروونشیکاریی ئەدەبی کرد و وتی ((نابێت شیکردنەوەی دەروونی بۆ ئەدەب و هونەر شیکردنەوەیەکی پزیشکانەی هەبێت)) (المختار، 1998، ص16) واتا مۆرن ئەو ئاڕاستەیەی گۆڕی، کە بەرهەمی ئەدەبی تاقیگەیەک بێت تاوەکو تێستی حاڵەت و ناخۆشی و نەخۆشیە دەروونییەکان بەدیار بخات، بەڵکو مۆرن پرەنسیپەکانی ڕەخنەی دەروونی لە خزمەت ڕەخنەدا بەکارهێنا تاوەکو شیکردنەوەی داهێنان و زمان و کەسایەتی و ژینگەی داهێنەری پێ ڕوون بکاتەوە، چونکە ((مۆرۆن لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ڕاڤەکردنی ڕەمزەکان بە پێی میتۆدی فرۆید باشترین ڕێگەیە، کە دەبێتە مایەی تێگەیشتن لە کاری ئەدەبی)) (خليل، 2008، لا106). هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوەی دەروونی ئەدەب لەسەر دەستی ئەم ڕەخنەگرە ڕێچکەیەکی نوێ وەرگرێت و زاراوەی ڕەخنەی دەروونیش وەکو ناوی میتۆدێکی سەربەخۆ چەمک و تەکنیکی تایبەتی بە بەردا بکرێت و قووڵتر و وردتر بەشێوەیەکی زانستانەتر کار لەسەر دەقی ئەدەبی بکات.

هەروەها لەدوای مۆرۆنیش جاک لاکان، کە ڕەخنەگرێکی ڕێبازی بونیاتگەری بوو گرنگی زۆری بە دەروونناسیی دەدا و هەوڵی دەدا بە سوود وەرگرتن لە بیروڕای هێما و تەن و لایەنی زمانەوانی زانای زمانەوانی دی سۆ سێر بە تێکەڵ کردنی لەگەڵ بۆچوونی فرۆید، شیکردنەوە بۆ زمان و ئەدەب بکات. لاکان زیاتر گرنگی بەلایەنی زماندا و پێی وابوو ((زمان لەسەر لاشعوری مرۆڤ بنیات نراوە)) (http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=390758)، هەر بۆیەش بە ((نوێکەرەوەی ڕێبازی فرۆید دادەنرێ)) (عەلی، 2012، لا88)، چونکە ڕێبازەکەی فرۆیدی لەسەر بنەمایەکی بونیاتگەری و زمانەوانی داڕشتەوە و دەیووت ((لاشعوری مرۆڤ بریتی نیە لە کۆمەڵێک پاڵنەر و ڕەمەکی بایەلۆژی بەڵکو بریتیە لە کۆمەڵێک دەلالەتی زمانەوانی و ڕەمزی کلتوری و کۆمەڵایەتی)) (https://plato.stanford.edu/entries/lacan/)، بەهۆی ئەم سیستەمە زاراوە دەروونییەی، کە دایهێنا جگە لە ڕەخنەگران وایکرد، کە ((ژمارەیەکی گەورە لە توێژەران و فەیلەسوفانی نوێ بە بەربڵاوی بەکاریبهێنن)) (عەلی، 2012، لا88).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم لێکۆڵینەوە و داهێنانە بەربڵاوانەی ڕەخنەگران بەرامبەر بە ڕاڤەکردنی ئەدەب بە پشت بەستن بە بنەماکانی قوتابخانەی دەروونشیکاریی پیشکەشیان کرد، بووە هۆی ئەوەی چەندین چەمک و بیروڕاو زاراوە و لێکدانەوەی نوێ لەسەر بنەمای ئەم قوتابخانەیە بێتە ئاراوە و شیکردنەوەی دەروونیش لەناو ئەدەب بە گشتی و ڕەخنەی ئەدەبی بە تایبەتی بەرەو کامڵ بوون و جێگیربوون بڕوات. لەلایەکی تریشەوە ئەم پەلهاوێشتنەی قوتابخانەی دەروونشیکاریی لەناو زانستی دەروونناسیی بۆ ناو پانتای ئەدەب توانی خزمەتێکی گەورە بە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بکات، چونکە بووە هۆی ئەوەی لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا پرۆسەی تری ڕەخنەگرتن بێتە کایەوە، کە جیاواز لە ڕێبازەکانی تر بتوانێت (شیکردنەوە بۆ هەندێك لایەنی هەستیاری پەیوەست بە دەق و کەسایەتی نووسەر بکات، هەروەها وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری وەك داهێنانی ئەدەبی چییە؟ چۆن دێتەکایەوە؟ کاریگەری ئەدەب چییە لەسەر دەروونی نووسەر و داهێنەر و خوێنەر ... هتد بداتەوە) (مەلازادە، 2016، لا212).

ئەمە جگە لەوەی لە پرۆسەی شیکردنەوەی دەروونی بۆ ئەدەب هەوڵ دەدرا کۆمەڵێك ئەرک و وەزیفەی تریش بۆ شیکردنەوەی دەق دیاربکرێت و دەیانووت ئامانج لە شیکاری دەروونی بۆ ئەدەب ئەوەیە، کە هەولی دۆزینەوەی ئەم لایەنانە بدات:

1. ((دۆزینەوەی ئەدای نائاگایی لە دەق و ئەو گرێی دەروونی و چەپاندنانەی، کە هەست و بیری نووسەرەکەی ئاڵۆز کردووە لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو خەون و خەیاڵاتانەی، کە نووسەر بەشێوەی ڕەمز لە دەقەکەدا دەربڕیون و ئاواتی بۆ خواستوون)) (فضل الله، 2011، ص95).
2. دوای دۆزینەوەی نهێنیە نەستیەکانی نووسەر دەبێت ڕەخنەگر ((هەستێت بە ڕێکخستنی دەقەکان و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی نائاگایی بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە شاراوانەی نووسەر، کە بە نەستی دەبەستێتەوە)) (http://www.alukah.net/literature_language/0/80286).
3. ڕوونکردنەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ژینگەییانەی، کە ڕۆڵیان لە بنیاتنانی کەسایەتی نووسەر هەیە، لەگەڵ دیاریکردنی ((چۆنیەتی ئەو بارودۆخانەی، کە کاریگەری لەسەر پاڵنەر و ڕەفتار و ژیانی نووسەر هەبووە)) (الکبیسي، 2009، ص90).

ڕەخنەگران لە ئەنجامی ئەم جۆرە شیکردنەوەو توێژینەوەو بنەمایانە گەیشتن بە تیۆرێك دەیانووت ((هونەرو شیعر و ئەدەب سەرچاوەکەیان گرێ و قەیرانی دەروونییەکانە، کە لە ململانێی نێوان

ڕێسا و یاسا و بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ڕەمەکە بۆماوەییەکان پەیدا دەبێت)) (حسين و سهرابي، 2017، ص49)، کە لە نەستی مرۆڤدا هەڵگیراون، بەڵام بە بەردەوامی کاری خۆی دەکات دەبێتە بنچینە بۆ کردار و ڕەفتار و گوفتاری ئادەمیزاد. هەر بۆیە فرۆید دەڵێت ((ئەدەب و هونەر وێنەیەکی گۆڕاوی پاڵنەرە خەفەکراوەکانی بێ ئاگایین)) (الماضی، 2010، لا170).

ئەم دروشم و بیروڕا و بۆچوون و ڕاڤەکردنە جۆراوجۆرانە بوون بە چەسپاندنی بنەما بنچینەییەکانی ڕەخنەی دەروونی لە ئەدەبدا، هەروەها کاتێکیش میتۆدی ڕەخنەی دەروونی توانی وەڵامی بابەتەکانی چۆنیەتی داهێنان و کاریگەری لایەنی دەروونی داهێنەر و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەق و خوێنەر کۆمەڵێك مەسەلەی تری پەیوەست بە دەق بداتەوە، بۆیە هەر لەو ڕوانگەیەوە چەند لایەنێکی تریش کەوتە بەرباسی لێکۆڵینەوە لەلایەن نووسەر و خوێنەر و ڕەخنەگرانەوە، گرنگی تایبەتی پێ دەدرا، ئەم لایەنانەش وەکو پەیوەندی نێوان دەق و داهێنەر و دەق و خوێنەر لە ڕوانگەی قوتابخانەی دەروونشیکارییەوە. جا لەبەر گرنگی ئەم بابەتانە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی بە گشتی میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکاریی بە تایبەتی وا لە خوارەوە بە کورتی و بەڕوونی ئەم بابەتانە دەخەینەڕوو.

## پەیوەندی نێوان نووسەر و دەق

## لە ڕوانگەی قوتابخانە و ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە

ئەو پەیوەندییەی لە نێوان سایکۆلۆژیا و ئەدەب دروست بوو لەگەڵ ئەو میکانیزمە نوێیەی، کە بۆ شیکردنەوەی دەق لە ڕێی سایکۆلۆژیا هاتەکایەوە، زیاتر ئەنجامەکان، کە لە بارەی نووسەر و دەق بوون بەناوی ((بۆچوونی سایکۆلۆژی و ڕەخنەی دەروونی تێبینیەکانیان بەیان کرد)) (مەلازادە، 2016، لا211).

بە واتایەکی تر ئەو توێژینەوانەی فرۆید و قوتابیەکانی لەسەر هونەرمەندان و داهێنەری ئەدەب ئەنجامیان دا، بووە هۆی ئەوەی، کە لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی داهێنەر گۆڕانی بەسەر دابێت، چونکە لەم

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قوتابخانەیەدا هەموو داهێنانێکی ئەدەبی و بیرۆکەیەکی هونەری پەیوەست بە غەریزە شاراوەکانی مرۆڤ کرا و هەوڵیان دەدا شیکردنەوەی بلیمەتی و سەرچاوەی داهێنان و خودی داهێنان بدەنە پاڵ نەخۆشی دەروونی. لەم قوتابخانەیەدا ((بەهۆی کاریگەری بیروڕاکانی فرۆید شیکردنەوەی دەق بە نووسەر و نائاگاییەکەوە کرا)) (فضل الله، 2011، ص115).

ڕەخنەی ئەدەبی وەکو میتۆدێکی سەربەخۆ لە ناو ئەدەبدا زۆر بە وردی کاری لەسەر پەیوەست بوونی دەق بە کەسایەتی نووسەر کرد و دەیویست لە ڕێگای (پەی بردن بە نەستی نووسەر و ڕاستی پەیوەندییەکانی نووسەر بە دەقی ئەدەبی بدۆزێتەوە، وەکو لایەنێکی پەنهان و شاراوەی دەق نیشانی بدات) (ڕەسوڵ، 2012، لا86). بۆیە ئەگەر ڕەخنەگر دەروونزانیش نەبوایە، بەڵام بە پشت بەستن بە چەمک و تەکنیکی دەروونشیکارەکان دەیتوانی بە ڕوانگەیەکی دەروونیانەی ڕەخنەگرانە شرۆڤە بۆ وردەکاری و لایەنە شاراوە و هێمادارەکانی دەقی ئەدەبی بکات، چونکە ڕابەڕانی ڕەخنەگرانی دەروونی لە ژێر کاریگەری ئەم قوتابخانەیە قەناعەتیان بەوە هاتبوو هەر داهێنانێکی ئەدەبی بەهۆی پاڵنەرێکی دەروونی لە نەستی مرۆڤدا هاتوەتە کایەوە و ((پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان داهێنەر و داهێنراوەکەیدا هەیە. هەروەها فرۆید لە سۆنگەی کارەکانیەوە ئەو ڕاستیەی دۆزیەوە، کە بەرهەمی داهێنەر پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ داهێنەرەکانیاندا هەیە و بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕەفتاری داهێنەران لەنێو داهێنانەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە)) (سەعدون، 2015، لا85). ئەمە جگە لەوەی ((هەر ساتێکی نووسین لەلای نووسەر بریتیە لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی ... سایکۆلۆژیەتی نووسەر بەسەر دەقە مانادارە بەرهەم هێنراوەکە ڕەنگ دەداتەوە و ... دەکرێ توخمە سەرەکیەکانی عەقڵی نووسەر بدۆزینەوە و هەر لە وێشەوە لەو بارە دەروونییە تایبەتە بگەین، لە بنچینەدا مۆتیڤی سەرەکی نووسەر بووە بۆ کردەی نووسین)) (حوسێن، 2006، لا208). دەروونشیکارەکان پێیان وابوو هەر دەقێکی ئەدەبی دوو ڕووی هەیە ڕووی ناوەوە و ڕووی دەرەوە، ڕووی دووەمیان، کە ڕووی دەرەوەیە بە شێوەیەکی گشتی تاڕادەیەک واتایەکی دیار و ڕواڵەتی هەیە، بەڵام ڕووی ناوەوە ڕوویەکی شاراوەیە و کەرەسە و ماددەی خامی وای تێدایە، کە بوونەتە زمانحاڵی هەستەکان و لەناو دەقدا گۆڕاون بۆ بوون و بابەتێکی ئیدراکی هەست پێکراو و مانادار، بۆیە ((ڕەخنەگر پێویستە شارەزای ڕەمزەکان و بۆچوونەکان و سەرنجە تیژەکانی نووسەر بێت، تا بە هۆیانەوە لە هەردوو دیوەکەی نووسینەکە بگات)) (قەرەداغی، 1981، لا116).

هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەمانەدا ڕەخنەگرەکانی ڕەخنەی دەروونی لە درێژەی کارەکانیاندا لە مەسەلەی شیکردنەوەی دەقدا بە دوو قۆناغ هەنگاوەکانیان هەڵهێنا:

لە قۆناغی یەکەمدا، واتە لە سەرەتای کارەکانیاندا، گەر بیانویستایە دەقێکی ئەدەبی هەڵسەنگێنن وازیان لە خودی بەرهەمەکە دەهێنا و هەموو سەرنجێکی خۆیان دەخستە سەر ئەو هەل و مەرج و بارودۆخ و شێوازی ژیانەی، کە نووسەری دەقەکە تیادا ژیابوو، واتا زانیاری پەیداکردن لەسەر قۆناغی بەر لەدایکبوونی دەقەکە لەلای نووسەر، چونکە ((ڕەخنەگرانی دەروونشیکار پێیان وابوو بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژیانی نووسەر لە ڕێگای ژیاننامە، و نامەی شەخسی، وتار و ... شێوە و شێوازی نووسینی نووسەر دەتوانن مانای نهێنی و شارەزای دەقە جۆربەجۆرەکانی نووسەر ئاشکرا بکرێت)) (برێسلێر، 2002، لا174). لەم قۆناغەدا ئامانجی ڕێبازی ڕەخنەی دەروونی ئەوەبوو، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەربارەی کەسایەتی خاوەن دەق بزانن، واتا لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ڕادەی ڕەنگدانەوەی ژیانی کەسیی نووسەر یان شاعیر لە ئەزموونی ئەدەبی دەکرد)) (احمد، 1983، ص187).

بە واتایەکی تر ڕەخنەگرانی ئەم قۆناغە لە دەرەوەی دەق دەوەستان و بەدوای بەڵگەی هەموو ئەو بارە کۆمەڵایەتی و پاڵنەرە دەروونیانە دەگەڕان، کە ساتێك لە ساتەکان خاوەنی دەقەکە تێدا ژیاوە تا بەهۆیەوە بڕۆنە دیوی شاراوەی دەقەکە و لە کۆتاییشدا ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە بەهۆی ئەو زانیاریانە بوو، کە لەسەر نووسەر کۆکرابۆوە و بڕیاری پێ لەسەر دەقەکە دەدرا.

لە قۆناغی دووەمدا ڕەخنەگرانی دەروونشیکار لە پەرەپێدانی تیۆرێك لەسەر بناغەی ژیانی تایبەتی کەسایەتی نووسەر وەستان، بەڵکو ئەمجارەیان ڕوویان کردە ڕاڤەکردنی ناوەوەی دەق پێیان وابوو، کە ((دەق خاوەنی نائاگاییەکی تایبەتە جیاوازە لە ئاگایی نووسەرەکەی، هەروەها دەق لەبارەی خۆی دەدوێ)) (فضل الله، 2011، ص118).

هەر لەو ڕوانگەیەوە گوتیان ئەرکی ڕێبازی دەروونی ئەوەیە، کە ((لە بیرو هزرە جێگیرەکان لە ناو دەقی ئەدەبیدا بکۆڵێتەوە، بۆیە ئەو قوتابخانەیە لە دەروونشیکاریی هیچ پەیوەندییەکی بە خاوەن دەق نەبوو، بەڵکو تەنها بە دەق)) فضل الله، 2011، ص116)، چونکە بە بیروڕای ئەوان ((نووسەر بۆ کەسانی نێو بەرهەمەکەی خۆی کەسایەتی تایبەتی لەناو مێشک دایە)) (برێسلێر، 2002، لا174). واتا لەم

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قۆناغەدا ڕەخنەگر وازی لە شتە دەرەکییەکانی دەق دەهێنا و هەوڵی خۆی لەسەر لایەنی هونەری دەق چڕ دەکردەوە و هەوڵی لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو پەیڤ و هێما و دەربڕینانەی دەدا، کە نووسەر لە ڕێگای کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە دەریبڕیبوون، تا بەهۆیەوە بتوانرێ بگەنە لایەنە شاراوەکانی دەق و هۆکاری خولڵقاندنی شێوازی دەقێکی تایبەت.

لەم قۆناغەدا دەقی ئەدەبی وەکو ئەلبوومێکی گەورە لە بابەت و هێما و ڕەمز سەیر دەکرا و گرنگی تێڕوانین و ئاماژە و وشە دووبارە بووەکان دەبووە جێی سەرنج و بایەخ پێدانی ڕەخنەگر و توێژەرانی دەروونی لەپێناو دۆزینەوەی نەست وڕاڤەکردنی دەقەکە، چونکە پێیان وابوو جۆری زمانی دەقەکە و شێوازی داڕشتن و بابەت و هێما و وشە لێکچووەکان خۆی لە خۆیدا چەند کلیلێکن بۆ کردنەوەی نهێنی و کۆدەکانی دەق، هەرچەند شاعیر و هونەرمەند لەکاتی نووسینی دەقەکەیدا بیر ناکاتەوە چۆن وشە و ڕستە دەربڕینەکان ڕیز بکات، بەڵکو تەنها لە بیری ئەوە دایە ئەو هەست و بارە دەروونییەی لە ناخیدا پاڵی پێوە دەنێت و بیری هۆشی تەنیوە لە ڕێگەی زمانەوە گوازرشت لە ئاوازی هەستەکانی بارودۆخی دەروونی خۆی بکات.

هەر لەبەر ئەمەش ڕەخنەگرانی دەروونی پێیان وایە ((دەق هەڵگری چەندین هەڵوێستی دەروونییە لە ناوەوەی خۆیدا)) (عیسی، 2003، ص39) و ئەمە جگە لەوەی، کە ((دەق چەندین زانیاری شاراوەی دەروونی لەناوەوەی خۆیدا هەڵگرتووە، بە جۆرێك پاڵ بە ڕەخنەگرەوە دەنێت بۆ هەوڵی زیاتر لە بە قسەهێنانی دەق و شیکردنەوەی ڕەمزەکانی)) (عیسی، 2003، ص38).

لە ئەنجامی ئەم بیروڕایانەش توێژەران گەیشتن بەوەی بڵێن (پرۆسەی شیکردنەوەی دەق هەر لەناو دەقەکە خۆی تەواو دەبێت و هەر بۆیەش گرنگیان بە پێکهاتەی دەق و شاردراوەکانی دەدا زیاتر لەوەی گرنگی بە داهێنەرەکەی بدەن) (عیسی، 2003، ص37)، یاخود بگەڕێنەوە بۆ سایکۆلۆژیای نووسەر یان بیبلۆگرافیای ئەدیب.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی گرنگە ئێمە بزانین لە هەر قۆناغێک لە قۆناغانەدا فۆکەسی سەرەکی ڕەخنەگرانی دەروونشیکاریی لەسەر ئەوە، کە بڵێن ئەو کەسایەتی نووسەر و شاعیرەی لەناو دەقدا هەیە زۆر جیاوازە لەو کەسایەتیەی، کە واقیع تێدا دەژێت و دەیانویست لە ڕێگای شیکردنەوەی

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەمز و کۆدەکانی دەقدا ئەوە بسەلمێنن، کە نووسەر و شاعیران خاوەنی چەندین گرێ ی دەروونی و ململانێ و نەستی چەپێنراون لە ناخی خۆیاندا و هەست پێ بکەن یان پێ نەکەن لەناو بەرهەمەکانیان بەشێوەی ڕەمز و دەلالەتی زمانی جیاواز دەردەکەوێت، لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی ئەم ڕەمز و دەلالەتانەش بە گوێرەی جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و بارودۆخی دەروونی خوێنەر و ڕەخنەگر گۆڕانی بەسەر دا دێت. ئەمە جگە لەوەی نابێ ئەوەش لە بیر بکەین، کە قسەی یەکەم و کۆتایی ڕەخنەگر و دەروونشیکاران لەسەر چۆنیەتی دۆزینەوەی لایەنی نەستی نووسەر بوو لەناو دەقی ئەدەبیدا، بەو پێیەی (نەست) بە دەرخستنی کەسایەتی ڕاستەقینەی بارگاویکراوی نووسەر دادەنرێت و داهێنانیش دروستکردنی هاوسەنگیەکە لە نێوان ئاگایی و نائاگایی داهێنەردا.

کەواتە لە کۆتایی ئەم بابەتە دەتوانین بڵێین ئەوەی تێبینی دەکرێ لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان نووسەر و دەق، پێویستە ڕەچاوی هەردوو لایەنی ناوەوە و دەرەوەی دەق بکرێت، چونکە ئەگەر تەنها لە دەرەوەی دەق و بەپێی ژیانی نووسەر لە دەق بڕوانرێ ئەوا دەق دەکەوێتە پەراوێز و لەوانەیە بەهۆی زانیارییە دەرەکیانەوە زۆر لە مەبەست و بەهای هونەری و ئەرک و ئامانجی خودی دەقەکە دوور بکەوێتەوە.

هەروەها ناشبێ ئاوا لە کارەکتەری دەق بڕوانین، کە واقیع و ململانێی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی سەختی ژیان ڕۆڵی لە داڕشتنی باری دەروونی کەسەکانی ناو دەقەکە نەبووە، بۆیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەیەکی ڕەخنەی دەروونی سەرکەوتوو و لەپێناو سوود و نرخی دەقی ئەدەبی دەبێ ڕەچاوی هەردوولا بکرێ بە گوێرەی پێویستی دەقەکە.

## پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر

## لە ڕوانگەی قوتابخانە و ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای ئەوەی لە زۆربەی زۆری ڕێبازە نوێیەکانی ڕەخنە ڕووناکی خرایە سەر دەق و ڕۆڵی نووسەری دەق زیاتر بەرەو پەراوێزبوون چوو، ئەوەبوو لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی دەروونی و مێژووی نووسەر بایەخی ئەوتۆی نەما، بۆیە گۆڕانی بنەڕەتی لەناو زۆربەی زۆری ڕێبازە نوێیەکانی ڕەخنە هاتە کایەوە و پەیوەندییەکە گوازرایەوە لە نێوان دەق و نووسەر بۆ نێوان خوێنەرو دەق. لەم قۆناغەدا بوونی دەق نەبەستراوە بە بوونی نووسەر بەڵکو دەق کرا بە جەستەیەک، کە بوون و زیندوێتی پەیوەست کرا بە خوێنەر، ئەو واتا و لێکدانەوەو کۆدە زمانی و هێمایانەی، کە خوێنەر دیاردەکرد، بە واتایەکی تر ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دەق و خوێنەر دا هەیە بە هۆی کارلێك کردنی زانیاریەکانی خوێنەر و چۆنیەتی لێکدانەوەی خوێنەر بۆ توخمەکانی دەق دەبێتە هۆی ئەوەی لە میانی ئەم کارلێکردنە پەیوەندی ئەدەبی دروست ببێت و لە ئەنجامیشدا واتای دەق بەرجەستە ببێت.

جا ئەگەر ئەدەب دیاردەیەکی دەروونی بێ و دەقیش ئەو ئەلبوومە بێ، کە نووسەر لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانێ گوزارشت لە گرێ دەروونییەکانی ناخی خۆی و کەسایەتی دووەمی نەستی چەپێنراوی بکات و لە هەست و سۆزیەوەش هەڵقولا بێ، بێگومان دەبێ کاریگەری لەسەر هەستی ئەو کەسەش هەبێ، کە بۆی نووسراوە و خوێنەری سەرەکی دەقەکەیە، چونکە خوێنەر ئەو ئایکۆنەیە، کە لەگەڵ هەستە خۆش و ناخۆشەکانی دەقەکە ئاوێزان دەبێ و هەر ئەویشە مانای دەق دەستنیشان دەکات وناسنامەی پێ دەبەخشێت و پەنجە لەسەر بەهێزی و بێ هێزی دەق دادەنێ و پروپاگەندە و ناوبانگ بۆ دەقەکە دەکات، بۆیە دەکرێ بڵێین خوێنەر بەشێکە لە ژیانی نووسەر و هەر خوێنەریشە کەسایەتی نووسەر دەژیێنێتەوە و بریار لەسەر وجودی دەدات.

گرنگی خوێنەر و پەیوەندی بە دەقەوە لەناو ڕەخنە بە گشتی کاریگەری خۆی هەیە، چونکە ڕەخنە لەسەر هەڵوێستی خوێنەر یاخود وەرگر بۆ دەقێکی ئەدەبی و چۆنیەتی ئەو کاریگەری و کارتێکردنانەی تێ دەکات دروست بووە. هەر لەبەر ئەم گرنگییەی خوێنەریشە دەبینین هەندێك نووسەر جۆرەکانی دەق بەپێی کاریگەری لایەنی دەروونی بۆ خوێنەر دابەش دەکات، وەکو ڕۆلان بارت لەسەر بنەمای کاریگەربوون دوو جۆر دەق دەستنیشان دەکات و دەڵێت:

((- دەقی چێژبەخش: دەقێکە دڵخۆشمان دەکات، بەرهەمی هەیە ... هیچ دابڕانێکی تێدا نییە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- دەقی سەرخۆشیدەریش: دەقێکە، کە جۆرێک قەیران دێنێتە ناو باوەڕەوە و دەقێکە نارەحەتمان دەکات (ڕەنگە تا ئاستی بێزاربوونیش) ... کلتوور ... دەروونی خوێنەر ... بیرەوەرییەکان ئاڵۆز دەکات)) (بارت، 2007، لا34-35).

تەنانەت ئەوەندە جەخت لەسەر ڕۆڵی خوێنەر بۆ بوون و وجودی دەق دەکرا و دەوترا ((دەق پێش ئەوەی خوێندنەوەی مانایەکی دیاریکراوی نییە، هەموو دەقێك کراوە و تەواو نەکراوە ئەوە خوێنەرە، کە لە ڕوانگەی خۆیەوە لەبەر ڕۆشنایی پێشینەی ڕۆنشبیری خۆیدا تەواوی دەکات)) (حەسەن، 2004، لا12)، بە واتایەکی تر ((خوێنەر توخمێکی گرنگە بۆ دروست بوونی واتای دەق، نووسەریش لە نووسینی دەقدا کۆمەڵێ کۆد و ستراتیژیەت بەکاردەهێنێ، کە دەبێ خوێنەر شیانبکاتەوە و لێیان تێ بگات)) (عبید، 2009، لا23)، کەواتە ئەگەر خوێنەر بۆ دەق نەبێ گرنگی بەرهەمی ئەدەبی و بوونی بایەخێکی ئەوتۆی نابێت. بۆیە ڕەخنەگرانی دەروونی وای بۆ دەچن ((ئەگەر بەرهەمە ئەدەبییەکە نەیتوانیبێت کارێکی دەروونی لە ناخی خوێنەرەکەیدا دروست بکات، ئەوا بە بەرهەمێکی وشک و بێ بایەخیان داناوە)) (قەرەداغی، 1981، لا103).

هەروەها ((خوێندنەوەی دەروونی بۆ دەق یارمەتی خاوەنەکەیی دەدات لە گەیشتن بە ئەنجامی کارلێککردن لە نێوان وەرگرو خوێنەری دەق، بەو جۆرە ئەزموونی تێگەیشتنمان لە دەق دەوڵەمەندتر دەبێت، و دەقە خوێندراوەکەش زیاتر مانادار دەبێت وەک لە پێشتر)) (حەسەن، 2004، لا12)، واتە شیکردنەوەی دەروونی بۆ دەق زیاتر یارمەتی خوێنەر دەدات، کە لە دەق بگات چونکە زانینی بنیاتی دەروونی دەق چۆنیەتی دروستکردنی دەقەکە لە بنەچەدا بۆ خوێنەر بەدەردەخات

ئەمە جگە لەوەی خوێنەر بەهۆی خوێندنەوەی دەروونی بۆ دەق دەتوانێت ((پەی بە حاڵەتی سایکۆلۆژی و چرکە دەروونییەکانی نووسەر لەسەر وەختی خوڵقاندنی دەق ببات)) (نەجمەددین، 2009، لا48)، یاخود بەهۆی ئەوەوە خوێنەر دەتوانێ فێری دارشتنی دەقیش ببێت، کە لە بنجی دروستبوونی دەروونی دەق بگات چونکە ئەو بنچینە پەیوەندی بە هۆش و عەقڵ و ناخ و هەست و سۆزی مرۆڤەوە هەیە ئەو ڕەگەزانەش بریتین لە پێکهاتەی سەرەکی دروستکردنی دەقی ئەدەبی.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گومانی تێدا نییە تێگەیشتنی دەق و شیکردنەوەی کارێکی ئاسان نییە، خوێنەرێکی ئاساییش جیاوازی لەگەڵ خوێنەرێکی زیرەک و ڕۆشنبیر و شارەزا هەیە تا بتوانێت لەسەر میتۆدێکی دیاریکراو شیکردنەوە بۆ قسە و گفتوگۆ و ڕەمز و وێنەکان بکات، چونکە لە نووسینی دەقی ئەدەبیدا مەرج نییە ئەو دەلالەت و ڕەمز و نووسینانەی بەکاردێت ڕوون و ئاشکرا بن و بە ئاسانی گوزارشت لەلایەنی دەروونی و شاراوەی دەق بکەن، چونکە ((جیهانی دەق و نووسەر جیهانێکی دەگمەنە، کە دەست پێڕاگەیشتن پێی کارێکی نەکردە و ئەستەمە)) (سلێمانی، 2014، لا78) و پێویستی بە خوێنەرێکە، کە سەرێکی هەبێو هەزار سەودا و بەردەوام تامەزرۆی چوونە بنج و بنەوانی دەقی هەبێت و هیچ کات تاسەی نەشکێ و تینووی دەق بێت.

ئەمە جگە لەوەی زۆرینەی ڕەخنەگرانی دەروونشیکاریی ئەو ڕاستییە دەزانن، کە بە هیچ جۆرێک ناتوانرێت واز لەو پەیوەندییە گیانی و دەروونییە بهێنرێت، کە کارێکی ئەدەبی یا هونەری دەیکاتە سەر خوێنەر دوای خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی، هەر ئەمەش وای لە دەروونزانەکان کرد بڵێن ((ئەو هێزەی، کە جوانی دەقی ئەدەبی پێ دەپێورێت (چێژە)، کە مرۆڤ هەست بە خۆشی و چێژ دەکات لە دەقە هونەرییەکان)) (عوسمان، ساڵ: ؟، لا67-68) کەوابێت ئەو دەقانەی لە ژێر کاریگەری و فشارە دەروونییەکان نووسراون و زیاتر و زووتر کاریگەری لەسەر وەرگر دەبێت و چێژی خۆی دەگەیەنێت)) (خضر، 2017، لا48)، بە واتایەکی تر ئەو پەیوەندییە دەروونییەی لە نێوان دەق و خوێنەر دروست دەبێت دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ((چێژ وەرگرتن لە دەقی ئەدەبی یان سکون بوونی ڕووحە یان حەوانەوەی دەروون، بەڵام هەموو ئەو دەقانەی، کە دەروون پێی دەحەوێتەوە مەرج نییە جوان بێت، چونکە جوانی دەق بەوە دیار دەکرێت ئاخۆ تا چ ڕادەیەک ئەو بابەتە هونەرییە یان ئەدەبییە کاردەکاتە سەر عەقڵ و ویژدان و ... هەست و سۆزمان دەجوڵێنێت)) (عوسمان، لا66)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەق لە ڕوانگەی دەروونییەوە لەسەر ئەو بڕیار و چێژ وەرگرتنە وەستاوە، کە عەقڵ و هزر و زەین و دەروونی ئێمە بە پەسەندی دەزانێت نەك هێز و برشتی دەقە دیارکراوەکە، چونکە ((مەرج نییە ئەو بەرهەمەی، کە کارێکی دەروونی لە خوێنەرەکەی نەکات بۆ هەموو خوێنەرێك ڕێک وا بێت، واتە مەرج نییە مامەڵە نەفسیەکە لە هەموو کەسێك وەکو یەک بێت)) (قەرەداغی، 1981، لا102)، لەبەرئەوەی ((دەقی گونجاو ڕێژەییە و لەسەر هزر و هەڵچوون و کەسایەتی و پێکهاتەی دەروون و ڕۆشنبیری تاک ڕادەوەستێت)) (عوسمان، لا66).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر ئەم چوون یەک نەبوونی لایەنی دەروونی و مەسەلەی چێژبەخشینە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر وای لە ڕەخنەگرێکی وەکو ریچاردس کرد، کە لەناو ڕەخنەی دەروونی لە هەموان زیاتر گرنگی بە بەشداریکردن و بەدەنگەوەهاتنی خوێنەر لە کاری داهێنان دەدات، بڵێت ((نابێت خوێنەر تەنها بۆ چێژ و خۆشی دەق بخوێنێتەوە، ئەمە شتێکی سروشتیە و لەدوای هەموو خوێندنەوەیەکی سەرکەوتوو بۆ تێکستێکی ئەدەبی جوان، ئەو شتە، واتە چێژ، دێتە ئاراوە)) (خليل، 2008، لا106)، بەڵکو ئەوەی گرنگە بەلای ریچاردسەوە ئەوەیە، کە (خوێنەری ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەی پاڵنەر و ئارەزووەکانی دەچەپێنێت و ناتوانێت تێریان بکات، بەڵام کاتێک تێکستێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە هەموو ئەو ئاەوزووانەی، کە کپی کردوون لەلای زیندوو دەبنەوە، لەکاتی خوێندنەوەشدا هاوسەنگیەك لە نێوان ئارەزووەکان و هەستەکانیدا ڕادەگرێت) (خليل، 2008، لا106)، بۆیە گرنگی دیاردە دەروونییەکان لەناو دەقدا ئەوەیە کەوا ((خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم جۆرە دەقانە هەست بە بوونی ئێش و ئازارێك بکات، کە هاوواتا بێت لەگەڵ ئێش و ئازار و خەمەکانی خوێنەر و وەرگر، بەمەش پەیوەندییەکی کۆنکریتی لە نێوان دەقی ئەدەبی و وەرگر دروست دەبێت)) (خضر، 2017، لا48)، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دەقدا ((وردە وردە دەچێتە ناو لاشعورەکەی خۆیەوە و لەوێوە دەکەێتە دیارکردنی ئەو ڕەمزانەی نووسەرەکە بەکاریهێناون و لەگەڵ ئارەزووە کپ کراوەکانی خۆیدا ئەکەوێتە مامەڵە، کەواتە هەر نووسینێک توانی مامەڵە لەڕێگەی لاشعوری خوێنەرەکەیەوە بکات ئەوە نەمری بە خۆی ئەبەخشێت)) (قەرەداغی، 1981، لا111) چونکە نووسەری سەرکەوتوو ئەوەیە لە ڕێگەی ئەم ڕەمز و وێنانەی بەکاریدێنێ بتوانێت بچێتە لاشعوری خوێنەرەکەیەوە و هاو هاستیەکی لەگەڵ دروست بکات.

هەموو ئەو قسانەی کە کران ئەوە دەگەیەنێت، کە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی کەسەکان لەلایەن خوێنەرەوە بە بەش و تەواوکەر بۆ ڕاڤەی دەق دانراوە چونکە لە حاڵەتێکدا ((نووسەر کەس دەخوڵقێنێ، خوێنەر هەمان کەس سەر لە نوێ دەخوڵقێنێتەوە)) (برێسلێر، 2002، لا175)، واتە بەشێک لە کەسایەتی کارەکتەرەکانی ناو دەق جگە لە نووسەر لەسەر دەستی خوێنەر دەخوڵقێن بۆیە خوینەر ڕۆڵی سەرەکی لە ڕاڤەکردنی دەقدا هەیە دەتوانێ ((جارێکی دیکە دەقەکە بەرهەم بهینێتەوە)) (میراودەلی، 2008، لا53)، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر خوێنەر بوونی نەبێت ئەوا دەقەکان لەگەڵ لەدایکبوونیان دەمرن، هەموو نووسەرێک پێویستی بە خوێنەرێک هەیە تا دەقەکەی بخوێنێتەوە، کەواتە پەیوەندییەکە دووسەرەیە، ئەگەر خوێنەر بۆ دەق بە بایەخ بێت ئەوا دەقیش کاریگەری گرنگی لەسەر خوێنەر هەیە، دەیان خوێنەر

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ژێر کاریگەری دەقەکان بوونە نووسەر و ڕەخنەگر و ناوبانگیان پەیدا کرد و چەندان دەقیش بەهۆی ڕەخنەکانی خوێنەر لێکدرانەوە و وایان لە نووسەرەکانیان کرد ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی و لێهاتوویان بەرزبکەنەوە و لە نووسینەکانی داهاتوویان ڕەنگ بداتەوە، هەر بۆیە خوێنەر و ڕۆشنبیر و لێهاتوو بە فلتەر و بە زیندووڕاگرتنی دەقێکی دیاریکراو دادەنرێن و دەتوانرێ بە فەرهەنگێک و ئەزموونێك بۆ نووسەرەکە دابنرێت.

ئەم هەموو گرنگی و کاریگەرییەی خوێنەر لەسەر دەق وای لە ڕەخنەگرانی دروونشیکاری کرد زۆر بایەخ بە لایەنی دەروونی خوێنەر بدەن و بە لایەنێکی بەشداری کارە ڕەخنەییەکانی دابنێن.

## ئەنجامەکان

1. میتۆدی ڕەخنەی دەروونی شۆڕبوونەوەیە بۆ قوڵایی ناخی نووسەر لە ڕێگەی بەرهەمێکی ئەدەبی، واتا درککردنە بە شتێک، کە هەرگیز واقیع و کۆمەڵگا ڕێگا بەو نووسەرە نادات بە زمانی حاڵ دەری ببڕێت.
2. میتۆدی دەروونشیکاریی ئەدەبی گرێدانی زانستە پراکتیکەکان و زانستە مرۆڤایەتیەکان بوو لە یەك کاتدا.
3. قوتابخانەی دەروونشیکاریی لە نۆرینگەی دکتۆرەکان دەستی پێکرد، بەڵام تەکنیکەکەی بۆ ناو ئەدەب گواستەوە.
4. داهێنانی ئەدەبی بە پێی ئەم قوتابخانەیە لە هەموو ڕوویەکەوە پەیوەستە بە لایەنە دەروونییەکان و دەق وەک تاکێکی سایکۆلۆژی سەیر دەکرێ.
5. مەرج نییە هەموو دەقێکی ئەدەبی تەنها وەک پێکهاتەیەکی دەروونی لێی بڕوانین، بەڵکو دەبێت لە هەموو جوانی و لایەنە واتاییە جۆربەجۆرەکانی بکۆڵدرێتەوە.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. ڕەخنەی خوێنەر بۆ دەق دەتوانێ ببێتە لێهاتوویی و ئەزموونی باش بۆ نووسەری دەقەکە.
7. دەق دەتوانێت کاریگەر بێت و خوێنەر بکات بە نووسەر یاخود ڕەخنەگرێکی بەناوبانگ.
8. خوێنەر ناسنامە بۆ دەق دیاری دەکات.
9. دەق ئەلبومێکە چەندین وێنە و حاڵەت و بارودۆخی مرۆڤ و مرۆڤایەتی تیادا ڕەنگ دەداتەوە.
10. دەق بە پێی تیۆرێک بە ڕێگایەک بۆ قەرەبووکردنەوەی هەموو کەم و کورتیەکی دەروونی و عاطفی و هەستکردن بە کەمی دادەنرێت.
11. دەقی ئەدەبی ڕێگایەکە بۆ ناسینەوەی کەسایەتی حەقیقی نووسەر و شاعیر لە ڕێگای ڕەمز و وێنە و کەسایەتی خواستراو.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

قطوس، بسـام. (2011). *دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ*، و: د.محمد تاتانی، چ: یەکەم، چا: شڤان، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

عەلی، بەختیـار. (2012). *سـێوی سـێیەم*، چاپخانەی کارۆ، چ:2، ئەندێشــە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

نەجمەددین، پشکۆ. (2009). *لە سێبەری ئەدەب و ئاستانەی سیاسەتدا*، چاپخانەی ڕەخنەی چاودێر، چ؟، شوێن؟.

برێســلێر، چارلز. (2002). *ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی*، و: عبدالخالق یعقوبی، چ: یەکەم، چا: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

حەسەن، حەمە سەعید. (2004). *قوڵپی پێکەنین*، چ: یەکەم، چا: ئاراس، هەولێر.
بارت، رۆلان. (2007). *چێژی دەق*، و: اسماعیل زارعی، چ: یەکەم، چا: منارە، هەولێر.
مەلازادە، ڕێبوار محمد. (2016). *نالی و سایکۆلۆژیای شیعر*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.
سەعدون، سامان عیزەدین. (2015). *دەقە شیعریەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە*، چاپ: یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس.
الماضی، شكري عزیز. (2010). *تیۆری ئەدەب*، و: پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، چ:1، هەولێر.
میراودەلی، عومەر. (2008). *زمانی دەق*، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ:1، هەولێر.
خضر، هاوژین یاسین. (2017). *ڕەهەندی دەروونی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا*، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، بەشی کوردی.
ڕەسوڵ، هەڵمەت بایز. (2012). ڕەهە*ندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا*، چ: یەکەم، چاپخانەی موکریان.
رزق الله، رالف. (2001). *فرۆید و ئەدەب و ئۆدیب*، بیری ڕەخنەی هاوچەرخ، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
عوسمان، یوسف. *چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك، سەنتەری ڕووناکبیری هەتاو.
عبید، ئەرخەوان محمد. (2009). *ئاوێتەبوون و لێکدانەوە – شیعری نالی بە نموونە*، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
عەبدوڵڵا، ئەردەلان. (2011). *دۆستۆیڤسکی*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

فضل الله، ابراهیم. (2011). *علم النفس الأدبي*، دار الفارابي، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى.
زكي، أحمد كمال. (1997). *النقد الأدبي الحديث*، الشركة المصرية العالمية للنشر، مكتب لبنان.

فلوجل، ج. ل. (1979). *علم النفس في مئة عام*، ت: لطفي فهيم، مراجعة د. الســيد محمد خيري، ط:3، دار الطليعة والنشر، بيروت، لبنان.

نويل، جان بيلمان. (1997). *التحليل النفسـي والأدب*، ت: حسـن جودت، مطابع الأهرام بكورنيش النيل، المشروع القومي للترجمة، القاهرة.

احمد، حيدوش. (1983). *الاتجاه النفســي في النقد العربي الحديث*، رســالة ماجســتير، كلية الاداب، جامعة بغداد.

المختار، زين الدين. (1998). *المدخل الى النظرية النفسية*، اتحاد كتاب العرب، ط: 2، دمشق.

فرويد، سيغموند. (1978). *الهذيان والأحلام في الفن*، ت: جورج طرابيشي، ط1، دار الطليعة، بيروت.

الكبيسي، طراد. (2009). *مداخل في النقد الادبي*، دار اليازوري، الأردن، عمان، الطبعة العربية.

حسين، عبدالله و سهرابي، تورج. (2017). *النقد الادبي ونظرياته*، تموز للطباعة والنشر، دمشق، ط:1.

عيسـى، محمد. (2003). *القراءة النفسـية للنص الأدبي العربي*، مجلة جامعة دمشق، المجلد 19، عدد (1 + 2).

الرويلي، ميجان. (2007). *دليل الناقد الأدبي*، ت: ســعد البازعي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضــاء، ط5.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Freud, Sigmund. (1922). *Delusion and Dream: an interpretation in the light of psychoanalysis of Gradiva, a novel*. Jensen, Wilhelm; Downey, Helen M. New York. Moffat, Yard and Co.

Freud, Sigmund. (1957). *Leonardo Da Vinci and a Memory of His Childhood*. The Institute of Psycho-Analysis and Anna Richards, Translated by Alan Tyson. Routledge and Kegan Paul Ltd

Freud, S. (1945). *Dostoevsky and Parricide* (1928). Int. J. Psycho-Anal., 26:1-8.

## گۆڤارەکان:

حســین، ابراهیم محمد. و عبدالغفور، هەژار احمد. (2008). بنەما ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە ١٩٢٠ەو تا ١٩٦٢،گ: *زانکۆ*، زانکۆی سەلاحەددین، ژ: 38.

خلیل، ابراهیم محمود. (2008). زانستە مرۆڤایەتییەکان و ڕەخنەی ئەدەبی، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، گ: *سەردەم*، ژ:56.

سلێمانی، سەعید. (2014). ڕاکردن لە دەق،گ: *ڕامان*، ژ: 208.

قەرەداغی، ئەکرەم. (1981). قوتابخانەی دەروونشیکردنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا،گ: *نووسەری کورد*، ژ: 6.

گەرمیانی، عادل. (2003). دەروونشیکاری ئەدەبی،گ: *ئاییند*، ژ: 43.

حوسێن، محمد تەها. (2006). ڕامانێکی سایکۆلۆژیانە بۆ ئەدەب،گ: *ڕامان*، ژ:113.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. (2008). میتۆدی سایکۆلۆژی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا،گ: *ئایندە*، ژ:78، سلێمانی.

## ماڵپەڕەکان:

1. http://webspace.ship.edu/cyboer/rank.html.
2. http://www.maaber.org/issue_august06/depth_psychology1.htm
3. http://www.alukah.net/literature_language/0/80286./
4. http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=390758

مجلة قەلای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. https://plato.stanford.edu/entries/lacan/

## ملخص

يعد البحث في التحليل النفسي الأدبي وأساليب النقد النفسي خطوة مهمة في فهم المبادئ الأساسية لنشوء مدرسة التحليل النفسي داخل علم النفس، لأن هذه المدرسة اعتمدت على تحليل النصوص الأدبية لصياغة مبادئها و ارائها الأساسية و استطاعت أن تنشأ من هذا التحليل مجموعة مفاهيمها و مصطلحاتها النفسية.

يتناول هذا البحث الذى بين يديك دراسة دقيقة لكيفية نشوء التحليل النفسي الأدبي و كيفية تكوين منهج النقد النفسي في الأدب، ولغرض فهم أعمق لمبادئ هذا النقد الذى اعتمد على التحليل النفسي في الأدب تم عرض المسائل المهمة التي يبحث فيها منهج النقد النفسي في الأدب، خاصة المواضيع التي تتعلق بعلاقة المبدع و تأثير الجانب النفسي و بيئة الابداع بابداع النص الأدبي و تجلياتها على النص و القارئ، كذلك أبرز مواضيع اخرى متعلقة بالنص.

## Abstract

The study of psychoanalysis of literature and psychological criticism is an important step in understanding the basic principles of the emergence of the psychoanalysis school within psychology, because this school relied on analysis

of the literary texts to formulate its basic principles and views and was able to derive from this analysis a set of psychological concepts and terms.

This paper deals with a precise study of how literary psychoanalysis develops and how to construct a psychoanalytic approach to literature. For a deeper understanding of the principles of this critique based on psychological analysis in literature, it presents the critical issues of the psychoanalytic approach to literature, especially those related to the relationship of the creator and the impact of psychological aspect and environment of creativity on creating the literary text and its manifestations on the text and the reader, as well as other important topics related to the text.